


15521

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

- ناوی کتێب : سۆسیالیزم و خوێندنەوەیەکی نوێ
- نووسینی : کەمال رەئوف
- نەخشەسازی بەرگ : مەڵبەندی کۆمپیوتەری هەردی
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە

لەبڵاوکراوەکانی چاپخانەی رەنج

ژمارەی سپاردن (٣٩٤)ی ٢٠٠٣

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ووتەیەکی پێویست ..

دەمێکە پرسیارگەلێک لەسەر بیروجیهانبینی سۆسیالیزم کێچیان خستۆتە کەوڵمەوە، بەڵام بەداخەوە لەناو پەڕاوو ئەدەبیاتی چەپ و سۆسیالیستەکانی لای خۆماندا نەک هیچ کاتێک وەڵامی دروستی ئەو پرسیارگەلە دەست ناکەوێتەوە، بەڵکو زۆر جار مرۆڤ هەست بەوەش دەکات کە بەجۆرێکیش پرسیارکردنەکەشیان لە خۆیان و خەڵکیش حەرام کردبێت. بەدوای هەرەسهێنانی بلۆکی شەرقی و ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی جاراندا لەنێو بزووتنەوەکاندا ئەو بواره هاتە ئاراوە کە نەک هەر لە سەر گرایشە سۆڤێتیەکە، بەڵکو لە سەر نەواوی بیرو بۆچونەکانی سۆسیالیزم پرسیار سەرهەڵ بدات. پرسیارگەلێک کە خوێندنەوەو تێڕامانی تازە بەرهەم بهێنێتەوە، میتۆدی پرسیارکردنە تەقلیدییەکەش بگۆڕێ و هەر بەوەوە نەوەستێ کە پرسیار لەسەر ئەوە بکات کە ئایا دەسەڵاتی سۆسیالیستی ئیمکانی ئەوەی هەیە لەیەک دەوڵەتدا دابمەزرێت؟ ئێستا پرسیارەکان وەڵامەکانی تەنها بە بەڵێ

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

نەخێر وەرناگیرێتەوە. وەلأمە کۆنەکانیش ناتوانن قانعکەرانە
بن بۆ کەس، یان ئێستا ئیتر کاتی ئەوە نەماوە بەتەنها لەوە
بپرسین ئایا تێزەکانی کۆمۆنەی پاریس و شۆڕشی ئۆکتۆبەری
ڕوسیاو شۆڕشەکانی کوباو چینی ماویی و ئەزمونەکانی تر بۆ
دۆزی خەباتی ئێستا دەست دەدەنەوە یا نا؟ پرسیاری ئەوەی
کە ئایا ئەگەر جیڤاراش دەسەلأتی سیاسیی لە وولأتێک
بگرتایەتە دەست وێنەیەک دەبوو لە کاستروّی هاوخەباتی یان
نا ؟ ئەو پرسیارانە بەجێ دەهێلێن و دەچینە سەر ئەو
پرسیارانەی کە ئەمڕۆ بە گەرموگوڕییەوە دەکرێن کە بۆچی
سەرباری ئەوەی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا بەو ڕادەیە لە وولأتانی
پیشەسازیدا گەشەی کرد، هیچ لەپێشبینییە سیاسیەکان وەک
ئەوەی چاوەڕوانی شۆڕشی کۆمەلأیەتیی سۆسیالیستی دەکرا
نەک هەررووبان نەدا، بەڵکو بزووتنەوە هەقخوازیەکانیشی
خاموّش کرد؟ یان جێگەی خۆیەتی کە بپرسرێت بۆچی
پێچەوانەی سەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی پێشووبیرمەندان و
قەڵەمە سۆسیالیستیەکان دایانە دواوەو توانای لێکدانەوەو
شرۆڤەکردنییان کەم بووەوە؟ یان ئاخۆ چی بێت کە وایکردوە
ئەمڕۆ سۆسیالیستەکان پێچەوانەی جاران بەچاوی گومانەوە

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

نارِوانـنـه بزووتنـەوە جەماوەریـــەکان‌و بـــەدگومان نـــەبن لـــە هەوڵەکانی تۆیژ گەلی ڕۆشنبیران؟ خەڵک هەقی خۆیەتی لەدوای ئەو ئاڵوگۆڕانە بپرسێت ئاخۆ سۆسیالیزم ئێستاش حەتمیـەتێکی مێژوویـیە؟ ئاخۆ سۆسیالیزم تەنهاو تاقە ئەلتەرناتیفی سیســتەمی سـەرمایەداریە؟لەهـەموو ئەوانـــەش گرنگـــتر بـــۆ وولاتـــانی پاشکەوتوی پیشەسازی ئەو پرسیارانە گرنگن کە دەپرسن بەبێ ئابوورییەکی پێشکەوتوو یان بەبێ دەرکەوتن‌و ڕوودانی شۆڕشـــی دیموکراتی ئیمکانی ڕوودانی شۆڕشی سۆسیالیستی هەیە؟ ئـــەی ئەگەر نییـــە دەبێـــت سۆسیالیستەکان چـی بکـەن‌و چـی بکەنـە ئامانجی خەبات‌و تێکۆشانی خۆیان؟...هتد.

دیارە وەڵامدانـــەوەی ئـەو پرسـیارانە بەتەنـها کـارو ئـەرکی گروپێکی دیـــاریکراو نییـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دیسـانەوە ئەوەش مانـــای وانییـە کـە ئیـتر گروپـە سۆسیالیسـتیەکان بـێ دەنگەی لێبکەن‌و گوێی خۆیـــان لـە وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکان بخـەوێنن، چونکـە ئاشـکرایە کـە هەلومـەرجی تـازەی خـــەبات بیروتێڕوانینی تازەو خوێندنەوەی نوێی گەرەکە، چونکە جـارێکی تر دووبارەبونەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو چـین‌و کوبـا ئەستەمە بەو جۆرە ڕووبدەنەوە کە ڕوویاندا. هەلومەرجی نێو دەوڵـەتی‌و

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش ئەستەمە جارێکی تر ئەو بـوارە بڕەخسێننەوە کە فیدڵ کاستڕۆی گەیاندە دەسەڵات.

خوێنـەری خۆشەویسـت، ئـەو نووسـینەی لـە دووتوێـی ئـەو نامیلکە بچوکەی لەبەردەستتدایە، خوێندنەوەیەکە یـان بڵێـین هەوڵێکە لەیەک کاتدا هەم بۆ وروژاندن هەم بۆ وەڵامدانەوەی هەندێک لەو پرسیارانەی کـە لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێکـردن. هەرچەندە دیـارە مـەرجیش نییـە توانیبێتمـان وەڵامـی تـەواوو دروستی هەموو ئەو پرسیارانەمان دابێتـەوە کـە ئێستا لەسـەر بیری سۆسیالیستی هاتونەتـە ئـاراوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هیوادارین توانیبێتمان بەو هەوڵە بچوکەمان خزمەتێکمان بەبیرو بۆچونی یەکسانیخوازیو عەدالەتی کۆمەڵایەتیی کردبێت.

کەمال رەئوف

دیمەشق ٢٠٠٣/٩/٢٠

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library